**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٧**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/١١/١٧**

## بڕیار

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و،ماددەی (١٢)ی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عیراق و، لەسەر داوای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کورسی چۆڵ لە لیستەکەی خۆیدا پەیدابووە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٤/١١/١٧)یدا ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم**: قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو کاك(عبداللگیف مولود عبدالکریم)لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی –عیراقدا، لە جێگای ئەندامی دەستلەکارهەڵگرتوو کاك (مەلا هادی خچر).

**دووەم**: قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو کاك(صلاح محمود عبدالله علاف)لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی –عیراقدا، لە جێگای ئەندامی دەستلەکارهەڵگرتوو کاك (یوسف جمیل میران).

**سێیەم**: لەبەر ئەوەی ئەو دوو پاڵێوراوەی لیستی ناوبراوی سەرەوە، لە (٢٠٠٤/١١/١٧)دا سوێندی یاساییان خواردووە، لەبەر ئەوە ئەندامێتییان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا، لە (٢٠٠٤/١١/١٧) ەوە لەکاردا دەبێ.

**چوارەم**: پێویستە لەسەر سەرۆکایەتیی ئەنجومەن، ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**پێنجەم**: ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنییەوە رێکەوتی ٢٠٠٤/١١/١٧ دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمان کوردستانی ـ عێراق**